# سۆزی نیشتیمان و خاک لە شیعرەکانی (مەدحەت بێخەو)دا

صالح فەرهاد ئیبراهیم[1] - بەکر شاکر کاروانی[2]

[1+2] بەشـــی زمانی کورد، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی ســـەلاحەددین- هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشـــانی ســـۆزی نیشـتیمان و خاک لە شیعرەکانی (مەدحەت بێخەو)دا، هەوڵێکە بۆ نیشـــاندانی بابەتێکی گرنگ و کاریگەر، ئەویش تیشـک خسـتنەسـەر خۆشـەویسـتی خاک و نیشـــتیمانە لای شـــاعیر، کە ئایا تا چەند شـــاعیر توانیویەتی خۆشـەویسـتی بۆ خاک و نیشـتیمانەکەی دەرببڕێت، لەهەمانکاتدا تا چەند سـۆزی نیشـتیمان و خـاکی لای گەل و میللەتەکەی زیـادکردوە، بۆیە دەبینین نـاوەرۆکی نیشـــتیمـانپەروەری پـانتـاییەکی فراوانی لەناو شـــیعری شـــاعیردا گرتوە. لەکۆتایی باســـەکەدا ئەو ئەنجامانەی بەدەســـتمان هێناوە خستومانەتەڕو، لەگەڵ خستنەڕوی ئەو سەرچاوانەی وەک پاڵپشـــتێک بۆ دەوڵەمەندکردنی لێکۆڵینەوەکە بەکارمان هێناون.

**کلیلە وشـەکان:** نیشـتیمان، نیشـتیمان پەروەر، خاک، خۆشەویست، گەل.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper14
**Received:** 21-June-2022
**Accepted:** 09-Aug-2022
**Published:** 29-June-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
saleh.ibrahim@su.edu.krd
bakir.abdullah@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

لەناو نەتەوەکانی جیهاندا، دەبینین چەندین جار چاوتێبڕین و هەوڵدان بۆ دەستبەسەر داگرتنی موڵک وسامانی هیتر لەلایەن نەتەوەکان و زاڵبون بەسەر هەندێکی تریان وەک کارێکی پێویستی سەردەمەکانیان سەیرکراوە، بۆیە داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی خاک و نیشتیمان لە مێژوی زۆربەی نەتەوەکاندا هەبوەو هەر دەشمێنێ، چونکە خەسڵەتێکی مرۆڤایەتییە، خەباتی گەلانیش هەر بەردەوامە لەپێناو بەرگریکردن و ڕزگاربون و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی خاک و نیشتیمان لەدەست داگیرکەراندا. گەلی کوردیش بەدرێژایی مێژو دوژمن و ناحەزانی هەوڵیانداوە خاکەکەی داگیربکەن و لە هەمو ماف و ئازادییەکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و زمان و ئەدەب و کلتور...هتد لێی زەوت بکەن، بەڵام خەبات و تێکۆشانی ئەم میللەتە لە پێناوی بەدەست هینانی مافە ڕەواکانی هەر بەردەوام بوە و لەم پێناوەشدا بەسەدان ڕۆڵەی کردۆتە قوربانی خاک و نیشتیمانەکەی.

بابەتی (سۆزی نیشتیمان وخاک لە شیعرەکانی مەدحەت بێخەو)دا، ڕەنگدانەوەی ئەو بیرە نیشتیمان پەروەریەیە کە لە شیعرەکانی شاعیردا هەست بەبونی دەکرێت، چونکە شاعیر یەکێکە لەو کەسە دڵسۆزانەی کە شانازییەکی ئێجگار زۆر بەنیشتیمانەکەیەوە دەکات، و بەتوندی دژی داگیرکەرانی نیشتیمان وەستاوەتەوە.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە**:وەک ئاشکرایە هەڵبژاردنی هەر بابەتێک لە لایەن توێژەرەوە بێ هۆکار نییە، بێخەو وەک شاعیرێکی نوێخوازی کورد، ئەزمونێکی لەمێژینەی هەیە لەبواری ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی، بۆیە چەندین نمونەی دەقی شیعری لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام خۆشەویستی بۆ خاک و نیشتیمان پێویستییەک بون لە پێویستییەکان بۆ زیاتر ئاشنابونی خوێنەران بە شیعرە نیشتیمانییەکانی شاعیر.

**سنوری لێکۆڵینەوەکە:** سنوری لێکۆڵینەوەکەمان تەنیا شیعرە نیشتیمانییەکانی شاعیرە، بۆ ئەوەی سنوری لێکۆڵینەوەکەمان فراوان نەبێت، تاوەکو بتوانین مافی تەواو بەو دەقە شیعرییانە بدەین، کە لەچوارچێوەی خاک و نیشتیمان دەخولێنەوە.

**گرنگی و بایەخی لێکۆڵینەوەکە:** هەمو بابەتیک گرنگی و بایەخی تایبەت بەخۆی هەیە، گرنگی و بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە، کە هەوڵدراوە لە ڕێی لێکۆڵینەوەیەکی زانستییەوە مەبەستێکی شیعری کە سۆزی خاک و نیشتیمانە لای شاعیر بخرێتەڕو، هەروەها لەم بوارەدا هەنگاوێکە بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە**:سەبارەت بەڕێبازی لێکۆڵینەوەکە ڕێبازی وەسفی شیکاریمان هەڵبژاردوە، ئەمەش بۆ زیاتر ڕێکخستنی کارەکەمان.

**پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە**: ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە پوختەو پێشەکی و ئەنجامەکان لەسێ بەش پیکهاتوە، هەر بەشەو بەسەر چەند تەوەرێکدا دابەشکراوە؛ لە بەشی یەکەم و لەتەوەری یەکەم باسی وشەی نیشتیمان و خاک لەڕوی چەمک و پێناسەوە کراوە، لەتەوەری دوەمدا باس لە مێژوی شیعری نیشتیمانپەروەری لە ئەدەبی کوردیدا کراوە،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper14

بەشی دوەمیش لەسێ تەوەر پێکهاتوە، لەتەوەری یەکەم: باس لە ژیانی شاعیر کراوە، لە تەوەری دوەم: باس لە بەرهەمەکانی شاعیر دەکات، لە تەوەری سێیەمیشدا بەشێوەیەکی پراکتیکی باس لە شیعرە نیشتیمانپەروەرییەکانی شاعیر کراوە.

**لێکۆڵینەوەکانی پێشو:** لەبارەی بێخەوی شاعیرەوە، تاوەکو ئێستا دو نامەی ئەکادیمی زانکۆیی لەسەر بەرهەمە شیعرییەکانی نوسراوە کە ئەمانەن:

١-(بەختیار ئەحمەد مەحمود)، (٢٠١٤) لە زانکۆی کۆیە، ماستەر نامەیەکە لەژێر ناونیشانی (نوێکردنەوە لە شیعری (مەدحەت بێخەو)دا.

٢-(شەهلە کەریم حوسێن)، (٢٠١٥) لە زانکۆی سەلاحەددین، ماستەر نامەیەکە لەژێر ناونیشانی (کاریگەریی ئەدەبی فۆلکلۆر لە شیعرەکانی(مەدحەت بێخەو)دا.

جگە لەو دو نامە ئەکادیمییەی سەرەوە لەلایەن نوسەر و لێکۆڵەران لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان چەندین لێکۆڵینەوە و وتار لەسەر بەرهەمەکانی کراون.

## بەشی یەکەم:

### تەوەری یەکەم: خاک و نیشتیمان لەڕوی چەمک و پێناسەوە:

بۆ شارەزابون لەبارەی وشەی (نیشتیمان و نیشتیمانپەروەری) یان خۆشەویستی خاک و نیشتیمان، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ فەرهەنگە کوردییەکان، تاوەکو بزانین فەرهەنگنوسان چۆن ئەم زاراوەیان لێکداوەتەوە، بۆنمونە لە فەرهەنگی (خاڵ)دا بەم شێوەیە زاراوەی نیشتیمان و نیشتیمانپەروەری هاتوە: نیشتیمان جێگایەکە کە ئادەمی تێدا لەدایکببێ و بە بەروبومی بژی. نیشتیمانپەروەری: نیشتیمانپەرستی.(خاڵ، ٢٠١٧: ٦٠٠)؛ هەروەها لە فەرهەنگی (کوردستان)دا بەم شێوەیە شیکراوەتەوە: نیشتیمان: زێد، مەڵبەند، مەلوەند (باک)، توزن، خاک، هاوی. نیشتیمانپەروەری: خاکپەروەری، خاکپەروەر. (موکریانی، ١٩٩٩ : ٨٨٦)؛ لە فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینە)ی هەژار موکریانی (١٩٢٠_١٩٩١)یشدا ئەم زاراوەیە بەم شێوەیە خراوەتەڕو: نیشتیمان: ١- دیمەن (ئەم سەرکردە نیشتیمان خۆشە)، ٢- جێگەی دانیشتن، ٣- ژێگە، زێد، مەوتەن، نیشتیمانپەروەر: خزمەتکاری زێد، میهن. (هەژار، ١٣٦٨: ٨٩٥)؛ لە فەرهەنگی (شوان)یش بەم شێوەیە شرۆڤەی وشەی نیشتیمان و نیشتیمانپەروەری کراوە: نیشتیمان: وەتەن، مەوتەن، مەڵوەن، نیشتنگە، جێگە (دانیشتن، ژیان تێدابردنەسەر). نیشتیمانپەروەر: وەتەنپەروەر، نیشتیمانپەرست، خزمەتکاری نیشتیمان. (حسن،٢٠٠٧ :٩٠٧).

زۆر لەنوسەرو لێکۆڵەر و پسپۆڕانی ئەدەب پێناسەی جۆربەجۆریان بۆ نیشتیمان کردوە یەکێک لەو پێناسانە دەڵێ: ((نیشتیمان ئەو خاکە پیرۆزەیە کە تیایدا دەژین، ئەو تاڤگەو کانی و کاریزو سەرچاوانەیە کە بەم خاکە شیرینەدا ئەڕواو ئەیخۆینەوە ئەو نەسیم و هەوای ژیان بەخشەیە کە بێترس و لەرزو بە ئازادی هەڵی ئەمژین...



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper14

نیشتیمان ئەو ماڵات و پیت و بەرەکەتەیە کە لەسەرو ژێری ئەو خاکەدایە وەیان هەڵئەقوڵێ کە مایەی ژینی سەربەستی قەومەکەمانە شانازی پێوە ئەکەین)). (حلمی، ١٩٨٨:٣١_٣٢)؛ لە پێناسەیەکی دیکەدا هاتوە کە: ((شیعریی نیشتیمانی بە نیشتیمان هەڵدانە، چونکە لانکی منداڵ و شانۆی لاو و دایکی دڵسۆزی منداڵانە کە بەشیری خۆی گۆشیان دەکاو سۆز بەجگەرگۆشەکانی دەدا؛ شیعری نیشتیمانی کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەپەیوەندی نیوان مرۆڤ و نیشتیمانەکەی و خۆبەختکردن لە پێناویدا)). (موفتی، ٢٠٠٦، ل:٣٧).

## تەوەری دووەم: مێژوی شیعری نیشتیمانپەروەری لە ئەدەبی کوردیدا:

ئەگەر تێبینی بکەین دەبینین شاعیرانی کورد وەکو هەمو شاعیرانی گەلانیتر ((تاڕادەیەک وەزعی کوردو ئامانجی نەتەوەکەیان لە شیعرا دەربڕیبو، بەمە کارێکی گەورەیان کردبوە سەر مشتوماڵکردنی بیروباوەڕی کوردایەتی و ڕێگای ئازادی و سەربەستی و ژینی بەختیاریان بەگەل پیشان دابو)). (خەزنەدار، ١٩٧١–١٩٧٢: ٤٦). بۆ دەستنیشانکردن و سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری نیشتیمانپەروەری لە ئەدەبی کوردیدا ((دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دەستپێکردنی شیعر بە کوردی، چونکە دانانی شیعر بەزمانی کوردی، سەرەتاییکە بۆ سەرهەڵدانی ئەم جۆرە شیعرە)). (کاروانی، ٢٠٠٤: ٦٩ ). دوای ئەمە هەوڵدەدەین بەپێی قۆناغە جیاجیاکانی مێژو دەستنیشانی هەندێ بابەتی شیعریی نیشتیمانپەروەری لای شاعیرانی کورد بکەین.

بەپێی بۆچونی هەندێک لە نوسەران و ڕەخنەگران سەرەتای ((سەرهەڵدانی بیری نیشتیمانی و نەتەوەیی بۆ سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم ئەگەڕێتەوە)). (سەعید، ١٩٩٥: ٥٢). بێگومان ئەم مێژوەش لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەدەبیاتی کرمانجی ژورو، هەروەک د. شوکریە ڕەسوڵ دەڵێ: ((سەرهەڵدانی ئەم شیعرە لە شیعری نەتەوەپەرستی و نیشتیمانپەروەری لە شێوەی کرمانجی ژورودا لە شیعرەکانی مەلا جەزیری و ئەحمەدی خانی دەردەکەوێ)). (رسول، ١٩٨٩ : ٨٥_٨٦)، بۆ نمونە مەلای جزیری(١٥٦٧_١٦٤٠) کاتێک شانازی بە خاک و نیشتیمانەکەی دەکات لە (پەسنی میرشەرەف) دەڵێت:

**ما جزیرێ شوبهی داری تەختی هەفت ئیقلیم بت**

**هەم بحوکم و سەلطەنەت ئەسکەندەرو فەغفور بی** (دۆسکی، ٢٠٠٠: ٢٦٩).

هەروەها دەبێ ئەوە بزانین کە مەلای جزیری ((یەکەم شاعیری کوردە تا ئێستا ناوی کوردستان و خاکی کوردستانی لەناو شیعرەکانیدا هێنابێت و هەست وسۆزو خۆشەویستی خۆی بۆ نیشتیمانەکەی دەرخستبێت)) (کاروانی، ٢٠٠٠: ٥٤). وەک دەڵێت:

**گوڵی باغی ئیرەمی بوهتانم**

**شەبچراغێ شەبی کوردستانم** (دۆسکی، ٢٠٠٠ : ٢٨٦).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper14

ئەحمەدی خانی(١٦٥٠_١٧٠٧)یش وەک شاعیرێکی دیاری کرمانجی بە یەکێک لە ڕابەرانی شیعری نیشتیمانی و نەتەوەیی دادەنرێت، چونکە: ((خانی وەک ڕوناکبیرێک و فەیلەسوفێک و شاعیرێک سەیری مەسەلەی کوردی کردوەو پێش شاعیرو زانایانی سەردەمی خۆی کەوتوە، هەروەها جەوهەرو حەقیقەتی کوردی لەسەردەمی خۆیدا دەستنیشان کردوە)) (رسول، ١٩٧٩: ٩٥) . ئەحمەدی خانی سەیری کردوە کە ((میللەتەکەی لەبەر بێکەسی و بێ خاوەنی هەردەم لەگەڵ یەکدا ناکۆک و ناڕێک و ناتەبا بوینە)) (کاروانی، ٢٠٠٤ : ٧١). بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێت:

**گەردێ هەبوا مە ئیتیفاقەک　　ڤێکرا بکرا مە ئینقیادەک**

**رۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی　　هەمیان ژمەرا دکر غولامی**

**تەکمیل دکر مە دین و دەوڵەت　　تەحصیل دکر مە علم و حکمەت**(عەبدوڵلا،٢٠٠٨: ٤٥)

خانی پێیوایە ئەو نەهامەتی و دژوارییەی توشی میللەتی کورد بوە، هۆکارەکەی نەبونی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی سەربەخۆیی کوردە، وەک دەڵێت:

**قەت مومکینە ئەڤ ژ چەرخێ لەولەب**

**تالــیع بـبـتـن ژ بـۆ مـــە کـــەوکـەب**　(عەبدوڵلا،٢٠٠٨: ٤٥).

کەواتە دەتوانین بڵێین خانی: (ڕابەری شیعری سیاسی کوردی‌یە)، لەسەدەی نۆزدەهەمیش لەلایەن شاعیرانی کرمانجی خوارو بە نمونە حاجی قادری کۆیی(١٨١٥–١٨٩٧)و بە ((شیعرە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانییەوە لە سۆرانەوە بەهەمان ڕێبازی ئەحمەدی خانی هاتە مەیدانەوە)) (سەعید، ١٩٩٥: ٥٣). بۆیە دەبینین ئەو بیرە ڕۆشنەی حاجی قادر ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکانیدا، دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە وەک ڕۆڵەیەکی دڵسۆزو بەوەفابێت بەرامبەر بە خاک وڵات و میللەتەکەی، بۆ نمونە شاعیر هەردەم بیری لەوە کردۆتەوە کە بەیەکگرتن و یەکڕیزی دەتوانین مافەکانمان مسۆگەر بکەین، وەک دەڵێت:

**تا ڕێک نەکەون قەبیلی ئەکراد**

**هــەروا دەبنە خــەرابە ئـاباد** (میران، ٢٧٠٧ : ١٧٧).

شیعری نیشتیمانپەروەری لەلایەن شاعیرانی سەردەمی نوێشەوە دەبینین تۆوی خۆشویستنی خاک و نیشتیمانیان لەناو دڵ و دەرونی میللەتدا چاندوە، بۆنمونە نیشتیمان لای زێوەری شاعیر(١٨٧٥–١٩٤٨) ئەوەندە خۆشەویستە هەوڵیداوە گیانی خۆشەویستی نیشتیمان لە دڵ و دەرونی لاوان بچێنێ و وەک ڕوحێکی شیرین ناوی دەبات وەک دەڵێت:

**ئەی وەتەن ! چەند خۆشەویستی ڕۆحی شیرینی منی**

**مەزرەعەی توخمی نیشات و باعیسی ژینی منی**　(زێوەر، ٢٠٠٣: ١٧)

شاعیری نیشتیمان پەروەری کورد فایەق بێکەس(١٩٠٥–١٩٤٨) بۆ هاندانی گەل و ڕاپەڕین لە دژی ئیمپریالیزمدا لەگەڵ جەماوەر بەشداری لە ڕاپەڕینەکەی (٦)ی ئەیلولی ساڵی (١٩٣٠) بەردەرکی سەرا دەکات و پاش



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper14

ئەوەی لەگەڵ شۆڕشگێڕان دەخرێتە بەندیخانەوە، لەناو بەندیخانەدا سرودی(ئەی وەتەن) بەگوێی شۆڕشگێڕاندا دەچرپێنێ، وەک دەڵێت:

**ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە**

**وەختی بەندیی و ئەسارەت، پێ بە تەوق و کۆتەوە**

**من لە زیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم واتێ نەگەی**

**حەپس و تێ هەڵدان وزیللەت تۆی لە بیر بردۆتەوە** (مەلاکەریم،١٩٨٠: ٣٩).

هێمن موکریانی(١٩٢١-١٩٨٦)یش ئەوەندە نیشتیمان لای خۆشەویستە گیان و سەروماڵی دەکات بەفیدای، وەک دەڵێت:

**وەتەن گیان و سەرو ماڵم فیدای تۆ**

**وە گیانی من کەوێ دەردو بەڵای تۆ** (زراری، ٢٠١٢ : ١٠٢).

بەختیار زێوەر(١٩٠٨-١٩٥٢) کە بەشێوەیەکی جوان باس لە نیشتیمانەکەی دەکات، داروبەردی نیشتیمانەکەی زۆر لاشیرینەو سەرو ماڵ و گیانی بەفیدای دەکات، هەروەها خاک و نیشتیمانەکەی بەزێڕو زیو دادەنێ و بەلایەوە بەردەکانی وەک گەوهەرن و ئاوی چەشنی کەوسەرن، بۆیە بە واجبی دەزانێ کە گیان فیدای وەتەن بکرێ، وەک دەڵێت:

**چەند شیرینە لام دار و بەردی وەتەنم**

**بەفیدای ئەکەم سەر و گیان و بەدەنم**

**خاکی وەتەنم گشتی زیو و زەڕە**

**بەردی وەک گەوهەرە، ئاوی چەشنی کەوسەرە ( زێوەر،**٢٠٠٣: ١١).

لەتیف هەڵمەت (١٩٤٧- )یش وەک نوسەرو شاعیرێکی زیندوی ئەو سەردەمەی ئێستامان، کاتیک باس لە نیشتیمان دەکات، پێیوایە شاعیر هیچ نییە ئەگەر دڵداری نیشتیمان و وڵات نەبێت، هەروەها بەلایەوە شیعریش هیچ نییە ئەگەر وەک لوغم لەژێر پێی داگیرکەران نەتەقێنێتەوە، وەک دەڵێت:

**شاعیر چییە**

**گەر دڵداری نیشتیمان و وڵات نەبێت**

**شیعر چییە و بۆچی دەشێت**

**گەر لەژێر پێی داگیرکەردا**

**وەکو لوغم نەتەقێت** (ئامێدی، ٢٠٠٥ : ١٤).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper14

کەواتە دەتوانین بڵێین: ((شیعر هەر لەسەرەتاوە ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە پەروەردەکردنی گیانی نەتەوەپەروەری و نیشتیماندۆستی لە دەرونی ڕۆڵەکانی گەلی کورد، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ، کە شیعر هەڵگری پەیامێکی سیاسی بوە لە سەردەمی کۆن و تازەدا)). (دەشتی، ٢٠٠٩ : ٤٥).

**بەشی دوەم:**

## تەوەری یەکەم: کورتەیەک لە ژیانی بێخەو:

بێخەو ناوی تەواوی (مەدحەت کوڕی خدر کوڕی عەبدوڵلا)یە ناسراوە بە (بێخەو) لە (١٩٣٤) لە شارۆچکەی (مخمور) لەدایکبوە، سەربە عەشیرەتی سیانە، لە ساڵی(١٩٣٩) ماڵیان هاتۆتە (هەولێر) و لە ساڵی (١٩٤١) خراوەتە بەرخوێندن لە قوتابخانەی (أربیل ئولای سەرەتایی)، کە کۆنترین قوتابخانەی شاری هەولێرە، لە (١٩٤٧) ماڵیان گەڕاوەتەوە کەندێناوە و لە دیبەگە نیشتەجێبونە، شاعیر قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لە شارۆچکەی دیبەگە تەواوکردوە، قۆناغی ناوەندیشی دوای دەرچونی لە بەندیخانە لە (هەولێر)بە ئیمتیحانی خاریجی تەواوکردوە، دوای دو ساڵ لەبەر نەبونی قوتابخانەی ئامادەیی لە شارۆچکەی دیبەگە کراوە بە سەرباز لە فەوجی مەشقی سەربازی هەولێر، لە (١٩٥٣) بەهۆی بەشداریکردنی لە خۆپیشاندانی کرێکارانی شەریکەی نەوتی (کەرکوک) دەستگیردەکرێت بۆ ماوەی ساڵێک دواتر لە (١٩٥٤) ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە دیبەگە. هەر لەو ساڵە لە ڕێکخراوی(WHO) دامەزراوە و لە گوندەکانی (کەندێناوە و گوێڕ و قەراج) کاری کردوە، لە ساڵی (١٩٥٦) بۆ ماوەی ساڵێک لە شەقڵاوە لە هەمان ڕێکخراو کاری کردوە، دواتر لە (١٩٥٧) گەڕاوەتەوە کەرکوک. لە کانونی یەکەمی (١٩٥٨) واز لە کارەکەی دەهێنێت و دەبێتە فەرمانبەری تەندروستی لە(بلێ) نزیک بارزان، هەر لەو شارۆچکەیە خزمەتێکی زۆری لەڕوی تەندروستییەوە بەخەڵکی ئەو ناوچەیە کردوە، لە هاوینی(١٩٦١) لەسەر داوای خۆی گواستراوەتەوە بۆ شاری (کۆیە) و لە نەخۆشخانەکانی ئەو شارە دەستبەکاربوە، هەر لە هەمان ساڵیش دەگوازرێتەوە هەولێر و لە نەخۆشخانەی سینگ دەست بەکاردەبێت، تا لە (١٩٨٧/١٠/١٠) سکاڵای خانەنشینی نوسیوە و خۆی خانەنشین دەکات هۆکاری خانەنشین بونیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە چەند جارێک لەلایەن ڕژێمی بەعس دەستگیردەکرێت ئەمەش بەهۆی ئەو هەڵوێستە شۆڕشگێڕی و نیشتیمانپەروەرییەی هەیبوە. پاش ڕاپەڕینی ساڵی(١٩٩١) شاعیر لە ساڵی (١٩٩٣) دەگەڕێتەوە سەرکاری فەرمانبەری و بە بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن دادەمەزرێ لە (١٩٩٦) دەبێت بە ڕاوێژکاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و هەروەها ڕاوێژکاری ڕۆشنبیری لە وەزارەتی ڕۆشنبیری تا لە کۆتای ساڵی (٢٠٠١) بەهۆی نەخۆشی خۆی خانەنشینی دەکات. (بێخەو،٢٠١٧: ٥-٣٩).

بێخەویش وەکو هەمو شاعیرانی تر دانانی نازناوی بە پێویست زانیوە، لەبەر دو هۆکار ((یەکەمیان لەبەرئەوەی زۆرجار ناو دوبارە دەبێتەوە ئەگەرهاتو نازناوێک هەبێت ئەوا لە دواڕۆژ ئەگەر کەسێک بییەوێ



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper14

لێکۆڵینەوە بکات لەسەر شیعر تێکەڵ نابێت و بەرهەمەکانی بە ئاسانتر دەناسرێنەوە، ئەمە هۆیەکیان دوەمیش ئەو نازناوەی من ئاماژەیە بۆ ژیان و گوزەرانی میللەتەکەم)). (محەمەد،٥:٢٠١٤). کەواتە هەڵبژاردنی نازناولای شاعیر، زیاتر خەمخۆری و پەرۆشی بوە بۆ هەژار و لێقەوماوانی نەتەوەکەی، چونکە هەروەک خۆی دەڵێ: ((بە شاعیر دەڵێن هەستیار لەبەرئەوەی لەکەسانی تر زیاتر هەست بە ئازار و ناخۆشی دەکات)). (بێخەو، ٢٠٢٢). (بێخەو) لە دیوانەکەیدا لەم شوێنانە نازناوی (بێخەو)ی بەکارهێناوە ل(٧٦،٦٠، ١٤٨، ١٨٥، ٢٠٢، ٢٩٩، ٣٢٦، ٣٩٦، ٤٦٦). بۆ نمونە لە شیعرێکیدا بەناوی (بەهاری کوردستان) لەکۆتایی شیعرەکەدا نازناوی خۆی هێناوە، وەک دەڵێت:

**گەرچی بەهەشتی سەر ڕوی زەمینە کوردستانەکەم**

**بەڵام لەبەر چوار زامی کوشندەی بە ئێش و زارە**

**بۆیە هەمیشە(بێخەو) ئەناڵێ بۆ خاکی پیرۆز**

**کە دێر زەمانە لە دەست نەیاران دیل و غەمبارە** (بێخەو،٦٠:٢٠١٧).

کەواتە شاعیر پێی وایە بەدرێژایی مێژو میللەتەکەی ستەملێکراو بوە بێبەشکراوە لە مافەکانی و خاک و نیشتیمانی پارچەپارچە کراوە، بۆیە لە داخی ئەم ستەم و نەهامەتییە، بێخەو دەناڵێ بۆ خاکە پیرۆزەکەی و هەر لەبەرئەمەشە هەمیشە بێخەوە و بە ئاگایە.

## تەوەرەی دوەم: بەرهەمەکانی بێخەو:

بێخەو وەکو شاعیرێکی شاری هەولێر زیاتر بە شیعرەکانی ناسراوە و ناوبانگی دەرکردوە، بەڵام جگە لە نوسینی شیعر وتار و بابەتی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی (هەتاو، شەفەق، پەیام، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، ڕامان، هاوکاری.... هتد) بڵاوکردۆتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەرهەمەکانی بریتین لە:

١ – دیوانێکی شیعری بەناوی (دیوانی بێخەو)، بە قەبارەی (٦٥٠) لاپەڕە ئەم دیوانە لەڕوی ناوەڕۆکەوە زۆر مەبەستی شیعری لەخۆگرتوە وەکو: (نیشتیمانی و نەتەوایەتی، چینایەتی، ئایینی، داشۆرین و گەپ، لاواندنەوە....) ئەم دیوانە دو جار چاپکراوە جاری یەکەم: لەلایەن ئەکادیمیای کوردی وەک ڕێزلێنانێک بۆیان چاپکردوە لە ساڵی(٢٠١٣)دا. جاری دوەم: لەسەر ئەرکی خۆی لەلایەن چاپخانەی ڕۆژهەڵات لە ساڵی (٢٠١٧) چاپکراوە. ئەم دیوانە حەوت کۆمەڵە شیعر لەخۆدەگریت بەناوەکانی:

أ_ زەنگی کاروان: لە ساڵی(١٩٥٩) لە چاپخانەی(لیوا) لە بەغدا چاپکراوە، پێشەکی دیوانەکە لەلایەن مامۆستا (محەمەد تۆفیق وەردی) و (د.عەبدولڕەحمان نوریجان)نوسراوە. ئەم دیوانە (٣٧) پارچە شیعری جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، کە هەر یەکە گوزارشت لە بابەتیک دەکەن.

ب_ ڕابەری ژیان: لە ساڵی (١٩٦٨) پێشەکی دیوانەکە لە لایەن دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ(١٩٣٤_٢٠١٩) نوسراوە، ئەم دیوانەش (٢٧) پارچە شیعر لەخۆدەگرێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper14

پ_ ورشەی ئاوات: لە ساڵی (١٩٧٣) لە چاپخانەی (دارالجاحض) لە بەغدا چاپکراوە، ئەم دیوانەش (٢١) پارچە شیعر لەخۆدەگریت، لەکۆی ئەم (٢١) شیعرە تەنها یەک شیعر هی خۆی نییە بەناوی (جوانە مەرگەکەم) کە هی دکتۆر (ئیبراهیم ئەحمەد شوان)ە کە لە(١٩٦٩/٣/٢٤) بە بۆنەی کۆچی دوایی (حیکمەت)ی برای شاعیر نوسیویەتی.

ج_ داربەڕو: لە ساڵی(١٩٨٣) لە چاپخانەی (دار الحرية للطباعة) لە بەغدا چاپکراوە، ئەم دیوانەش (٤٤) پارچە شیعر لە خۆدەگرێت، زۆرترین شیعرەکانی ئەم دیوانە لەڕوی ناوەڕۆکەوە باس لە بابەتی نیشتیمانی و هەستی نەتەوایەتی وشۆڕشگێری....دەکەن.

چ_ ڕەگەکان: لە ساڵی(١٩٨٧) لە چاپخانەی (الحوادث) لە شاری بەغدا چاپکراوە ئەم دیوانە (١٩) پارچە شیعر لەخۆدەگرێت. لەم دیوانە درێژترین شیعری تیدایە، بەناوی (داستانە شیعری شاری شارانی جیهان_ هەولێری دێرین)، کە (٣٨٢) دێرە شیعرە باسی شاری هەولێرو ئەو ئیمپراتۆرو پاشاو سەرکردانەی حوکمڕانی ئەو شارەیان کردوە دەکات، تا بونی شاری هەولێر بە پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ح_ دیاری بۆ منداڵانی کوردستان: لە ساڵی (٢٠٠٤) لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە چاپکراوە، ئەم دیوانە کۆمەڵێ (سرود و پەند و ئۆپەرێت و شیعری لیریکی) لەخۆدەگرێت، سەرجەمیان ژمارەیان (٥٦) پارچە شیعرە. دیارترین سرود لەم دیوانە (سرودی پێشمەگە)یە، کە لە (١٩٦١/١١/٢٠) کراوە بە مارشی دەنگی کوردستان. هەروەها (٦) ئۆپەرێتیش لەخۆدەگرێت، ئۆپەرێتی (داستانی گەل) لەساڵی(١٩٧٧) لە بەغدا لە فیستیڤاڵی هەمو بەڕێوەبەرایەتییەکانی چالاکی قوتابخانەکانی پارێزگاکانی عێراق خەڵاتی یەکەمی وەرگرتوە، هەروەها ئۆپەرێتی (ڕوباری ژیان)یش کە لە شاری (سەماوە) پێشکەشکرا لە ساڵی(١٩٧٨) خەڵاتی یەکەمی وەرگرت لەسەر هەمو عێراق.

خ_ کە خاک ئەدوێ: ئەم دیوانە لە (٢٠١٠) چاپکراوە، لەڕوی ناوەڕۆکەوە بابەتەکانی (نیشتیمانی و سروشت و دڵداری و ئایینی ولاواندنەوە و شیوەن و هتد) لەخۆدەگرێت. (بێخەو،٢٠١٧:١٢٢_٦٤٤).

شاعیر کۆمەڵێ بەرهەمی دەستنوسی لەبەردەست دایە بەناوەکانی:

٢_ هۆزی سیان.

٣_ ڕێزلێنانەکانم.

٤_ پوختەیەک لەسەرگوزشتەی ژیانم. (بێخەو: ٢٠٢٢).

### تەوەرەی سێیەم:شیعری نیشتیمانپەروەری لای بێخەو:

(بێخەو) لەپاڵ بونی شیعری دڵداری و چینایەتی و ئایینی و داشۆرین و گەپ...هتد وەک خەمخۆرێک بۆ خاک و نیشتیمان لە چەندین نمونەی دەقی شیعریدا بابەتی نیشتیمانپەروەری ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نمونە لەناونیشانی شیعریکیدا بەناوی (نیشتیمانی خۆشەویست) هەستی خۆی بەرامبەر بە نیشتیمانەکەی دەردەبڕێت، لە هەمان کاتدا باس لەوە دەکات کە بەلایەوە خاکی کوردستان وەکو زێڕو زیو بەنرخە، چونکە خاکی باب و باپیرانییەتی، وەک دەڵێت:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper14

**ڕوحەکەم ئەی نیشتیمان هەست و نەست و بیری من**

**کوردستانی زێڕو زیوم خاکەکەی باپیری من** (بێخەو،٢٠١٧:٥٧).

شاعیر بۆ دواڕۆژی ڕوناکی نیشتیمانەکەی و نەمانی ناحەزو دوژمنانی و ئازادی کوردستان، خامەکەی ناوەستێت و بێوچان لە نوسیندایە وەک دەڵێت:

**هەر بنووسە بێ وچان بۆ ڕووناکی نیشتیمان**

**بۆ نەمانی خوێنمژان بۆ ئازادی کوردسشتان** (بێخەو، ٢٠١٧: ٦١).

بێخەو هەست و بیروباوەڕە ئاینییەکەی وای لێکردوە نیشتیمانەکەی خۆشبوێت، هەر بۆیە نرخ و بەهایەکی بەرزی داوەتە نیشتیمانەکەی کە شوێن و زێدی باب و باپیرانییەتی، نیشتیمانەکەی خاکی ئەو کوردە شکۆدار و پایەدارنەیە کە ساڵەهای ساڵە لەسەری دەژین، بۆیە لە نمونەیەکی شیعریدا بەناوی(کوردستان) دەڵێت:

**کوردستان**

**هەست و ئاینی و بیرم کوردستانی بەهادار**

**لانەی باب و باپیرم خاکی کوردی شکۆدار** (بێخەو،٢٠١٧:١٠٠).

بێخەو لە نمونەیەکی شیعریدا بەناوی (منالی کوردستان)، کە مندالان بەهیوای گەشی کوردستان دەزانێت دەڵێت:

**منالی کوردستانین**

**هیوای گەشی بەیانین** (بێخەو،٢٠١٧: ٣٩٤).

هەر لەزاری مندالانەوە پێماندەڵێ: ئەگەرچی مندالان هێشتا وردن، بەڵام دلێر و ئازاو قارەمانن، ئەمانە ڕۆڵەی دواڕۆژی کوردن بۆیە بێوچان لە هەوڵ و تێکۆشاندان، وەک دەڵێت:

**ئەگەرچی هێشتا وردین**

**بەڵام هوشیارو گوردین**

**بێ وچان تێدەکۆشین**

**ڕۆلەی دواڕۆژی کوردین** (بێخەو،٢٠١٧: ٣٩٤).

(بێخەو) گیانی نیشتیمانپەروەری لای مندالانیش خۆشەویست دەکات، وا فێریان دەکات نیشتیمانی خۆیان خۆشبوێت و لەپێناویدا خەباتبکەن، تاوەکو نیشتیمانەکەیان هەر بەبەرزی وئازادی بمێنێتەوە، چونکە دەزانێ مندالان هیواو ئاواتی دواڕۆژی وڵاتن، وەک دەڵێت:

**ئێمە ڕۆڵەی خەباتین**

**بێچوە شێری وڵاتین**

**بۆ بەرزیەتی نیشتیمان**



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper14

**تیشكی ڕێگەی ئاواتین** ( بێخەو، ٢٠١٧ : ٣٩٤).

لە چوارینێكیدا بەناوی (ئاوازی وەچەی نوێ) هەر لەزاری مندڵانەوە پێماندەڵێ كە: من ڕۆڵەی ئازاو دلێری كوردستانم و وەكو بێچوەشێر وام بۆ هەڵمەتبردن و بەرگری و تێكۆشان، هەرچەندە بە تەمەن وردم بەڵام ژیرو هوشیارم، بۆ گەل و وڵاتیشم هیوای دواڕۆژم، وەك دەڵێت:

**من كە ڕۆڵەی دلێری كوردستانم**

**بێچوە شێری هەڵمەت و تێكۆشانم**

**گەرچی وردم بەڵام ژیرو هوشیارم**

**بۆ گەل و خاك هیوای گەشی بەیانم** ( بێخەو، ٢٠١٧ : ٣٩٨).

هەر ئەم وەچە نوێیە نەبەردە بۆ ڕزگاری تەواوی نیشتیمانیان، خاوەنی ورەیەكن بەرزتر لە چیای هەڵگورد، وەك دەڵێت:

**من كە نەوەی وەچەی ڕابوونی كوردم**

**تیشكی خۆری شەو بەزێن و نەبەردم**

**بۆ ڕزگاری تەواوی نیشتیمانم**

**خاوەن ورەی بەرزتر لە هەڵگوردم** (بێخەو،٢٠١٧: ٣٩٨).

وەك ئاشكرایە هەمو وڵاتێكی پێشكەوتو هیواو ئومێد و دواڕۆژێكی زۆریان بە لاوەكانیان هەیە، چونكە لاوان كۆڵەكەی وڵاتپارێزن. بێخەویش دەزانێ، كە لاوان خاوەنی ئەو هێزو توانایەن دەتوانن گۆڕانكاری ئەنجام بدەن لە هەمو بوارە جیاجیاكانی ژیان، هەر لاوانن هێزی پێشەنگ و نەبەرد، كە گیانی خۆیان بەختدەكەن بۆ خاك و گەل، سەردار و سەركردەی دواڕۆژی نیشتیمانن، وەك دەڵێت:

**لاوەكان ئێوەن ڕووناكی شەو بەزێنی ڕێی ژیان**

**هێزی پێشەنگن نەبەردن بەخت ئەكەن بۆ گەل گیان**

**ئێوەنە هیوای بەیانی ڕابەر و تێكۆشان**

**بۆ دواڕۆژ ئێوەنە سەرداری هۆز و نیشتیمان**(بێخەو،٢٠١٧: ١٣٧).

دواتر دەڵێ: هەر لەكۆنەوە پێماندەڵێن تاكەی ژیانی كۆیلایەتی قبوڵ دەكەن؟ تاكەی ژێردەستی نۆكەرو داگیركەران دەبن؟ بۆیە داوا لە ڕۆڵەی ئەو میللەتە دەكات، كە یەكبگرن و دەست لەناو دەست هەڵمەتبەرن بۆ تۆڵەسەندنەوە لە دوژمن و بەدەستهێنانی سەربەخۆی بۆ خاكی زامدار و بەژان، وەك دەڵێت:

**بۆ دواڕۆژ ئێوەنە سەرداری هۆز و نیشتیمان**

**تاكو كەی تاڵاوی ژین و ژێر دەستی داگیركەران**

**یەكگرن بۆ سەربەخۆیی خاكی زامدارو بەژان**



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper14

**سانەوە سامناکە ئەمڕۆ خەو نەیاری وادەیە!** (بێخەو،٢٠١٧: ١٣٧).

شاعیر داوا دەکات بۆ بەرگری لە خاک و نیشتیمان و قڕکردن و لەناوبردنی داگیرکەران هەر هەمو پێشمەرگەبن، داوای ئەوەیە هەرچی ناکۆکی و دوبەرەکی ناوەخۆیی هەیە لەنێوانیاندا لایبەرن و یەکدەست و یەکرێزبن بۆ نەمانی خوینمژان، بۆیە گەل چاوەی لە ئێوەی لاوانە کە ڕاپەرن و نیشتیمان ئازاد بکەن، وەک دەڵێت:

**هەر هەموو پێشمەرگەبن قڕکەن بەرەی فاشیکەران**

**کینەو ناکۆکی لابەن وادەیی یەک ڕیزییە**

**بۆ نەمانی خوێنمژان و جەور و کۆتی دێر زەمان**

**گەل بێ ئارام چاوەڕوانی ڕاپەڕینی ئێوەیە** ( بێخەو،٢٠١٧: ١٣٧).

(بێخەو) دەنگی هاواری نیشتیمان بەلاوانی وڵات دەچرپێنێ و پێیاندەڵێ: ڕاپەڕن ئەی لاوینە، ڕۆژی هەوڵ وخەبات وهیمەتە، تاکەی هەر دیلبین و لە کاروانی هەوڵ و تێکۆشان بەجێبمێنین، وەک دەڵێت:

**هـاوار ئەکا نیشـتیمان**

**ڕاپـەڕن ئـەی لاوەکـان**

**ڕۆژی هـەوڵ و هـیمەتە**

**تاکەی دیلی و بەجێمان** ( بێخەو، ٢٠١٧ : ٤٠٢).

لەنمونەیەکی شیعری سێینەدا لەسەر زاری کۆمەڵێ لاودا کە هۆگری بەدەستهێنانی ئازادین و دژی ستەم و زۆردارانن و تینوی ژیانێکی ئازاد و سەرفرازن، بۆیە بڕیاردەدەن نەوەستن تاوەکو بە ئاواتی خۆیان دەگەن کە ئەویش بەدەستهێنانی ئازادی خاک و نیشتیمانە، وەک دەڵێت:

**ئێمـە دڵداری تیشـکی ئـازادیــن**

**دژی سـتەم و حـوکمـی بێدادیـن**

**بە سۆزو خرۆش بە ئاوازی جوان**

**گۆرانـی ئـەڵێین بۆ ئاشتی و ژیان**

**نـاوەستین تـاکو بە ئاوات ئەگەین**

**بۆ ئازادی خاک گیان فیدا ئەکەین** (بێخەو،٤٥٥:٢٠١٧).

بەکورتی دەتوانین بڵێین: گەلی کورد هەر لە کۆنەوە خاوەنی خاک و نیشتیمانی خۆیەتی، بەڵام ئەم گەلە نیشتیمانەکەی بەبەردەوامی لە ژێر چەپۆکی ناحەز و دوژمناندا بوە، بۆیە شاعیرانی کوردیش وەک توێژێکی هەستیاری ناو کۆمەڵگا هەر لە زوەوە درکیان بەم مەترسییە کردوە، لەبەرئەوە هەوڵیانداوە لەڕێگەی شیعرەکانیانەوە باس لە ئازادی نیشتیمان و سەربەخۆیی وڵات بکەن. بێخەویش وەکو هەمو شاعیرانی تری کورد لەڕێگەی شیعرە پڕجۆش و خرۆشەکانییەوە توانیویەتی دڵی چەندین لاوی خوێن گەرم بهەژێنێ و بیانخاتە ناو کاروانی خەباتەوە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper14

لەبەرئەوە نیشتیمان لای بێخەو ئەوەندە بەنرخ و بەبەهایە هیچ سەروەت و سامان و پارەیەک نەیتوانیوە شوێنی نیشتیمان لای بگرێتەوە، چونکە بێخەو سەرباری شاعیر بونی، تا بلّێی کەسێکی خاکی بوە، هەمیشە خۆزگە و ئاواتی بەوە خواستوە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە چاوی خۆی ببینێت کە نیشتیمانەکەی ئازاد بوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper14

# Passion for the country and land in the poems of Medhat Bekhaw

**Saleh Farhad Ibrahim[1] - Bakr Shaker Karwani[2]**

[1+2] Kurdish Language Department, College Basic of Education, Salahuddin of University-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

This article entitled: patriotism in poems of Midhat Bekhaw is an attempt to express an important and influential subject in his poetry works, which is a focus on patriotism in his poetries, and how far has he tries to express patriotism during his poetries. At the same time, how far has he increased patriotism among his people and nation? Therefore, we see that the content of patriotism has occupied a wide space in his poetries.

In the end of the discussion, we present the obtained results, along with the sources we have used as a support to enrich the discussion.

**Keywords**: Country, National, Land, Beloved, People.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper14**

## ئەنجامەکان:

١ _نیشتیمان ئەو خاکەیە کە مرۆڤی لەسەر دەژی و پێداویستییەکانی ژیانی لێوە بەدەستدێت و وای لێدەکات هەوێنی خۆشەویستی نیشتیمان لەدڵ و دەرونی دروست ببێت.

٢_ بێخەو یەک لەشاعیرە دیارو نیشتیمانپەروەرەکانی کوردە، سۆزی نیشتیمان و خۆشەویستی خاک بەشێکی زۆری شیعرەکانی بێخەو پێکهێناوە.

٣_-بێخەو بەیەکێک لەو شاعیرانە دادەنرێت، کە هەمیشە لەخەمی گەل و نیشتیمانەکەی دابوە، بۆیە هەمیشە داوای کردوە کە یەکڕیزو یەکدەست بن لە پێناوی نیشتیمان و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد.

٤_ بێخەو واینەکردوە کە تەنها گەورەکان نیشتیمانیان خۆشبوێت و بەرگری لێبکەن، بەڵکو وایکردوە منداڵان و لاوانیش خاک و نیشتیمانی خۆیان خۆشبوێت، چونکە دەزانێ کە دواڕۆژی ئەم خاک و وڵاتە لە ئەستۆی ئەواندایە.

## سەرچاوەکان:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper14

بێخەو، مەدحەت(٢٠١٧)، دیوانی بێخەو، چاپی دوەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

چاوپێکەوتن لەگەڵ بێخەو، لە.(1/4/2022)

حسن، شەوکەت مەلا اسماعیل(٢٠٠٧)، فەرهەنگی شوان (کوردی ــ کوردی)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

حلمی،ڕەفیق(١٩٨٨)، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دوەم، مطبعة التعلیم العالی، اربیل.

خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠١٧)، فەرهەنگی خاڵ(کوردی_کوردی)، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

خەزنەدار، مارف(د.)، (١٩٧١_١٩٧٢)، شیعری سیاسی کوردی لە کوردستانی عێراقدا ماوەی نێوان هەردو گێتی، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، ژمارە(١٥)، بەغدا.

دۆسکی، تحسین(٢٠٠٠)، دیوانی مەلایێ جزیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوار، دهۆک.

دەشتی، عوسمان(٢٠٠٩)، هێمن دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەلایەتی شیعرەکانی هێمن، چاپی دوەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

رسول، شوکریە(د.)، (١٩٨٩)، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، مطبعة التعلیم العالی، هەولێر.

رسول، شوکریە(د.)، (١٩٧٩)، کورتەیەک دەربارەی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی، گۆڤاری بەیان، ژمارە.(62)

زراری، وریا(٢٠١٢)، دیوانی هێمن موکریانی، چاپی یەکەم، کوردستانی ئازاد.

زێوەر، مەحمود(٢٠٠٣)، دیوانی بەختیار زێوەر، چاپی دوەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

زێوەر، مەحمود(٢٠٠٣)، دیوانی زێوەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

سعید، محەمەد احمد(١٩٩٥)، کاردۆخی ژیان و بەرهەمی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین.

عەبدوڵڵا، نەجاتی(٢٠٠٨)، مەم و زینی ئەحمەدی خانی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

غەمبار، کەمال(٢٠٠٨)، بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێک، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

کاروانی، بەکر شاکر(٢٠٠٠)، مەلا ئەحمەدی جزیری سەرئامەدی شیعری سیاسی، گۆڤاری مەتین، ژمارە.(104)

کاروانی، بەکر شاکر(٢٠٠٤)، عەلی فەتاح دزەیی(١٩٢٨_١٩٩٢) شاعیر و نوسەر و تێکۆشەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

موفتی، پەری صالح حەمید (٢٠٠٦)، عاسی ژیان و بەرهەمی، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە زانکۆی کۆیە.

موکریانی، گیو(١٩٩٩)، فەرهەنگی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

میران، سەردار حەمید. شارەزا، کەریم مستەفا(٢٧٠٧). دیوانی حاجی قادری کۆیی، سنە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper14

مەلاکەریم، محەمەد(١٩٨٠)، دیوانی بێ کەس، چاپی دوەم، چاپخانەی(الادیب)، بەغدا.

هەژار، عبدالڕحمان شرفکندی(١٣٨٤)، فەرهەنگی هەمبانەبۆرینە (کوردی_فارسی)، چاپی چهارم، چاپخانەی انتشارات، تهران.

ئامێدی، عەبدوڵڵا یاسین(٢٠٠٥)، هۆنراوەی بەرگری لەبەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەرودا(١٩٣٩_١٩٧٠)، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper14